# ناری، عەرووزی عەرەبی و لیریکای سۆفیانە

عادل محەمەد پوور

مامۆستا ناری یەکێک لە میراتبەرانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی، سەر بە سێ کوچکەی بابانە و ڕیزکردنی پاشبەند و عەرووز و دەستەواژەی عەرەبی. لە ئاستی مێژووییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ پاش بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەک باقی بابەتە ئەدەبییەکانیتر بە پێی ڕۆڵی سیاسیی ئەدەبیی عەرەب، کێشی ڕەسەنی کوردی کەوتە ژێر لێشاوی تەشەنەی عەرووزی عەرەبییەوە.

بەشێکی هەرە زۆری هەڵبەستی کوردی- قوتابخانەی بێسارانی و مەولەوی- هەرلە کۆنەوە بەو شێوە ڕەسەنە ئەدەبییە هۆنراوەتەوە: بەڵام نالی شارەزووری و قوتابخانەکەی بە دوو هۆی سەرەکی تەسلیمی ئەو نەریتە بیانییە بوون.

یەکەم: باری ئایینیی و زمانی قورئان و یاسای ڕێزمانی عەرەبی و دەستوورەکانی تری ئەدەبیی وەک: کێش و قافیەو ڕێتۆریک (ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی) کەڵک وەرگرتن لە ڕووخساری واژە عەرەبییەکان و... بۆ بە پیرۆزکردنی زمانی شیعر بە پێی ڕەوتی مێژوویی و کاریگەری زمانی عەرەبی لەو چاخە ئەدەبییەدا.

دووەم: مامەڵەی سیاسیی و دژکاریی و ململانێ لەگەڵ ئیمارەتی ئەردەڵان، بە قەولی سالم (فەوجی چێش کەروو)، واتە قوتابخانەی ئەدەبیی هورمزگان: بێسارانی و مەولەوی سەر بە ئەدگار و دیالێکتی هۆرامی: کەڕ و فەڕ باکەم بکا، والی بە فەوجی (چێش کەروو)

پشت بەندی لەشکری وەندات و جافان
هاتەوە

ئەگینا لێمان ڕوونە، کە زمانی کوردی یەکێکە لەلقەکانی سەر بنەماڵەی هیندو ئەورووپی و هیندو ئێرانی. شیعری زمانی ئەوێستایش لەسەر کێشی بڕگە (هجا) و کێشانەی نەغمە دانراوە، ئەم هەوێنە ڕەسەنە، لە بەشی شیعری هۆرامیدا تا ئەم کاتە خۆی پاراستووەو پاک و خاوێن ماوەتەوە، کۆنترین بەڵگە پارچە شیعرێکی دەبڕگەیی هۆرامییە بە ناو هورمزگان، سەردەمی هاتنی ئیسلامە کە لە کوردستانی عیراقدا لەسەر پێستەیەک دۆزراوەتەوە، کە لەم کتێبەدا دەقەکە هاتووە و باسی لەسەر کراوە.

ئەم ئەدگارە، واتە: شیعری بڕگەیی (هجایی) لە گۆڕەپانی ئەدەبیی کوردیدا، لە لایەن بێسارانی و خانا و مەولەوی و... پاراستراوە و بزاڤی شیعری ڕەسەن لەو بەستێنەدا گەشەی کردووە، لە ئەدەبیی کوردیدا، دەراوێکیتر هەر بە هۆی کاریگەری ئەو ڕێبازەوە، لە ژیانی شیعری کوردیدا و بە ڕووخسارێکی تازەتر، لە سەر ڕێچکەی شێوازی بێسارانی و مەولەوی هاتەکایەوە، ئەویش گەڕانەوەی بزاڤی شیعری کوردی سۆرانی لە لایەن پێشەوای نوێخواز (عەبدوڵڵا گوران)ە، بۆ سەرچاوەی مێژینەمەندی (ئاڤێستا) و با پیرمان (ئاری) و (کێشی پەنجە) و یاسای ڕەسەن بوو.

گۆران لەم بارەوە دەڵێ:

(شیعرە تازەکان، بەوەزنی پەنجە هەڵبەستراون، هەرچەند شیعردۆستەکانی کۆن، بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە، لەگەڵ خەسایسی زمانەکەمان چاتر ڕێکئەکەوێ. بە پێویستم زانی لە ماوەی تەقەلای

ئەدەبیی خۆما، ڕۆژبەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم. تا لەم چەند ساڵەی دواییدا، وەزنی عەرووزم بە تەواوی بەڕەڵا کرد، مەگەر پێویستێکی هاندەری تایبەتی ڕووبدا).

مامۆستا کاکەی فەللاح لەبارەی کێشی پەنجەوە ئەنووسێ:

(مەسەلەی بەکارهێنانی کێشی پەنجەو خۆ ڕزگارکردن لەدەست عەرووز، لە ڕووی گۆڕینی مۆسیقا و سەربەستی شیعر و دەربڕینی هەست و خواستەکانی شاعیرەوە، بایەخێکی بنەڕەتی هەیە. ئەمە خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکی گەورەی مۆسیقا بۆ کێشی شیعری کوردی بوو. دەریاکانی عەرووز بتەوێ و نەتەوێ جۆرە وشکی و گرمە و ناڵەیەکی ئەوتۆی بە دەمەوەیە کە لەکاتی بیستندا شتێکی نوێ و نەبیستراو و لەناکاوت پێنابەخشێ. مەگەر ئەوانەی پەسەندی بکەن کە خۆیان بەرهەمێکی زۆریان لەسەر ئەوتان و پۆیە چنیوە، یان گوێچکەی چێژیان تەواو ئاشنای ئەو ئاوازەو کێشانە بووە... ئەمە جگە لەوەش بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە، کە لەگەڵ پێزی زمانەکەماندا خۆشە، کێشی خۆماڵی فۆلکلۆریە)..

با ئەوەش ڕوونبکەینەوە، کە ڕەچاوکردنی عەرووز لە لایەن شاعیرانی سۆرانەوە نابێتە هۆی بێبایەخی هەڵبەستی کوردی، لەو قۆناغەدا بەشێک لە گەنجینەی هەرە زۆری شیعری کلاسیکی کوردیمان لەو بەستێنەدا خۆی دەبینێتەوە.

نالی (١٧٩٧-١٨٥٥)، پێشەوای گەورەی ئەم ڕێبازە، سالم (١٨٠٠-١٨٦٦) و مەحوی (١٨٣٠-١٩٠٤) و کوردی (١٨٠٩- ١٨٤٩)، لەسەردەمی باباندا و پاشان ناری مەریوانی (١٨٧٤- ١٩٤٤) ئەرکی هەرەقورسی خۆیان بەرامبەر بە بەرزکردنەوەو گەشەی شیعری کوردی عەرووزی بە ئەنجام گەیاند.

ناری لە دیوانەکەیدا دوازدە کێشی عەرووزی (سالم و ناسالم)ی بەکارهێناوە:

١- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن (فاعلات) – ڕەمەڵی هەشتی مەحزووف – ژمارەی بەکارهێنانی ئەم کێشە ٢٩ غەزەڵە.

٢- فاعلاتن فاعلاتن فاعلن (فاعلات) – ڕەمەڵی شەشی مەحزووف. دە غەزەڵ بەم جۆرە کێشە هەڵبەستراوە.

٣- چوار جار مفاعلین – هەزەجی هەشتی تەواو – ژمارەی غەزەڵەکان بیستە.

٤- مفاعیلن مفاعیلن فعولن – هەزەجی شەشی مەحزووف – چواردە غەزەڵ لە هەڵبەستەکانی ناری بەم ئاهەنگە کێشراوە.

٥- مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن – هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف، ١٦ هەڵبەست بەم کێشە وتراوەتەوە.

٦- مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن – مونسرەحی هەشتیی مەکفوفی مەکشووف – ژمارە کەڵک وەرگرتن لەم کێشە یەکجار کەڵکی لێ وەرگیراوە.

٧- مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن – مونسرەحی هەشتی مەتوی مەکشووف. ژمارەی کەڵک وەرگرتن لەم کێشە دوو هەڵبەستە.

٨- مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن – هەزەجی هەشتی ئەخرەب، دووجار لە دیوانەکەیدا کێشراوە.

٩- فعولن فعولن فعولن فعول – موتەقارەبی هەشتی مەحزووف – یەک غەزەڵ بەم کێشە هۆنراوەتەوە.

١٠- مفعول فاعلاتن مفعول فاعلاتن – موزارەعی هەشتی ئەخرەب – لەسەر تێهەڵکێشی غەزەلێکی حافزە.

١١- فعلات فاعلاتن فعلات فاعلاتن – ڕەمەڵی هەشتی مەشکوول – لەسەر تێهەڵکێشی غەزەلێکی حافزە – یەک جار بەکار هاتووە.

١٢- مستفعلن چوار جار ڕەجەزی هەشتی تەواو – تەنها یەک غەزەڵی فارسی بەم چەشنەکێشە هەڵبەستراوە.

## وردەكارییەک لە ناری

جۆراوجۆری کێشی عەرووزیی لە دیوانەکەی ناریدا، پیشاندەری دەستی باڵاو دەسەڵاتی هونەرمەندانەی ئەو شاعیرە مەزنەیە. ئەزموونە هونەرییەکانی بە چێژوسۆزێکی شاعیرانەوە لە بازنەی ئەفاعیلی عەرووزییدا هۆنیوەتەوە و گەلێک وردەکاری هونەرمەندانەی نواندووە. بۆ نموونە:

گواستنەوەی کێشێک بۆ کێشێکیتر لە یەک غەزەڵدا. ئەم کارە، نە تەنیا بە ئاسانکاری(مسامحە)ی شاعیرانە ناژمێردرێ، بەڵکو لە ڕوانگەی هونەرییەوە پشوودانی بەهرەی شاعیرانەیە، یان بە قەولی ئەدەبیی سەردەم قەتع و وەسڵی هونەری شیعر. کە ناری بە گوێرەی پەیام و مەبەست جۆرە ئاهەنگی شیعرەکەی دەگۆڕێ.

بۆ وێنە، لە لاپەڕەی ٥٠-٥١ دیوانەکەی – چوار دێڕی هەوەڵی پێنج خشتەکی لەسەر کێشی (مفعول، مفاعیل، مفاعیل، فعولن) دانراوە.

شیعرم وەکو مەی، باعیسی ئەنواعی نیشاتە
سەرمایەیی شوور و تەرەب و عەیش و حەیاتە
تووتی دڵەکەم موئتەزێری قەند و نەباتە
بۆ نوقڵی دڵی عاجز بێ سەبرو سوباتە

پاش دەربڕینی سکاڵا، هانای نزم و خاو دەکاتەوە بە حاڵەتێکی پرسیارەوە، ڕیتمی شیعرەکەی بۆ سەر (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلات) ئەگوێزێتەوە.

(- بادەنۆش و قەند فرۆش و سورمە پۆشم بۆ نەهات؟)

نواندنی چەند (ئاڵۆزی وەزنی) لە دیوانەکەی ناریدا:

بێگومان تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی لەگەڵ بازنەی تەسکی ئەفاعیلی عەرووزیدا، یەک ناگرێتەوە، کە شاعیر ناچار بووە بەدەرەتانێکی تەسکەوە سۆزە دەروونییەکەی لەو قاڵبەدا بگونجێنێ، ئەگەرچی خوازیاری ئەو هەل و مەرجە داسەپاوەیش نەبووە.

ئامراز و کەرەسەی زمانەوانی کوردی، بە هۆی بەرفراوانی و چڕی کڕکەو دەنگەکان، لە زەنجیرەی شیعردا، شەپۆلی مۆسیقایی بێ گرێ دروستدەکات، کە ئەگەر وشەی کوردی بخرێتە نێو بازنەوە، دەرەتانی لێئەچنرێت و شاعیر پەڕو باڵی ئەبەسترێت ناتوانێ سەربەستانە، مەلی خەیاڵی پەڕەوازە بکات. ئەگەریش لە مێژە ئەم دیاردە لە بابەتی شیعری کلاسیکی عەرووزیدا خۆی نواندووە، بووەتە هۆی ئاڵۆزیی وشکی و بەستنەوەی هەڵبەستی کوردی.

بۆ وێنە: وشەگەلێک وەکو: جوان، گیان، زوڵف و... لە فۆلکلۆرو ئاخاوتن و کێشی ڕەسەندا، یەک بڕگە دروستئەکەن.

گۆران دەڵێ:

لە گەڕووی شمشاڵ لە تەلی کەمان
گەلێک هەڵساوە ئاوازی (جوان جوان)

یان مامۆستا بێسارانی دەڵێ:

دەخیل بینایی هەروەخت من مەردم
(گیان) فیدای بەژن و باڵای تۆ کەردم

وشەی جوان و گیان لەم دوو دێڕەدا، یەک بڕگەیە. بەڵام لەم دێڕەی ژێرەوەدا، مامۆستا ناری بە ناچارییەوە وشەی (جوان)ی خستوەتە نێو بازنەی تەسکی (مفاعیلن)ەوە، تان و پۆی نەغمە وئاهەنگی ئاسایی چڕی وشەکەی پچڕاندووەو شەپۆلە مۆسیقاییەکەی لێککردۆتەوە، پووکاوەتەوەو دابڕی کردووە بەدوو بڕگەوە:

(ج – وان ji–wan)

ئەی تازە (جوان) پیر بێ، ئەو شێوە مەشێوێنە
بنیادی هەموو دنیا، یەک دەفعە لە بن بێنە

(مفعول مفاعیلن – مفعول مفاعیلن) (ل٩١)

لە شوێنێکیتردا، مامۆستا ناری لەم یاسا عەرووزییە لایداوە. وشەی (گیان، giyan) کە لە دێڕی پێشوودا دابڕی کرد بە دوو بڕگە، ئێستا لەم دێڕەی خوارەوەدا کە شەش پیتی عەرووزی (g–I–y–a–a–n) و بە پێی یاسای دابڕکردنی عەرووز، دووبڕگەی کورت (gi) و درێژ (yan) دەژمێردرێ، بەیەک بڕگە (لەسەر ئوسلووبی کێشی بڕگە)- کە ئاساییە بۆ زمانی کوردی- خراوەتە نێو قاڵبی (فاعلاتن) کە ئەمە دژ بە یاسای عەرووزە،کە لە

سەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

– گیان بە ئیستیقباڵی بۆ سەر لێوەکەم هات و نەهات

– گیان بە ئیستیق / بالی بۆ سەر / لی وە کەم ها / ت و نەهات

فاعلاتن / فاعلاتن / فاعلاتن / فاعلات

– بوو بە شیوەن / شا د مانی / ڕۆحی من ڕۆ / ژی مە مات

فاعلاتن / فاعلاتن / فاعلاتن / فاعلات

وشەی (دۆی di-we) لە یاسای عەرووزدا، دوو برگەی کورت (di-we) دوو پیت: بێ دەنگ + بزوێنی کورت) و درێژ (we) سێ پیت: بێ دەنگ + بزوێنی لێکدراو = (دیفتونگ diphthong) ئەژمێردرێ. لە حاڵێکدا مامۆستا ناری لە جیاتی برگەیەکی درێژی سێ پیتی داناوە، بە پێچەوانەی یاسای عەرووزیی.

– بە ئیما (دوێ) شەوێ باڵا نەمامێ

بە ئی ما دوێ / شە وێ با ڵا / نە ما مێ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعی

نە وی دی دوو / شە ما مەی زەر / دی دامێ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل

بزوێنی کورتی خستنە سەر (اظافە) کەسرەی عەرەبی و فارسی لە زمانی کوردیدا، بزوێنێکی درێژە، لە کێشاندندا دوو بەرابەر بزوێنی کورتی فارسی و عەرەبییە، زانستی عەرووز لەسەر ئاخاوتن (ملفوظ) بنیاتنراوە. کەچی لە زۆربەی هەڵبەستەکانی مامۆستا ناری دا، بزوێنی خستنەسەری (ی) کورت بە کار هاتووە. بە پێچەوانەی ئاخاوتنەکەی، مەگەر (ئیختیاری شاعیرانە) ی بۆ دابتاشین کە ئەویش لە بنەمای هەڵبەستی کوردیدا دروستنییە.

ئەی ئەمن قوربانی خاکی خانەقات

ئەی ئە من قور / با (نی) خا کی / خا نە قات

فاعلاتن فاعلاتن فاعلات

قوت بی کا مل / مور شی دی شی / رین سە فا ت

فاعلاتن فاعلاتن فاعلات

**ئەنجام:** بۆمان دەرکەوت کە ئوسلووبی کێشی عەرەبی و فارسی لەسەر کێشی چەندی (کمی) بنیات نراون. پیتی عەرووزی عەرەبی دوو جۆرە: بزوێن (مصوت) – بێ دەنگ (صامت). بزوێنی درێژ (مصوت بلند) لە کێشاندندا دوو بەرابەری بزوێنی کورتە.

بزوێنی کورت و درێژ لە زمانی فارسی و عەرەبیدا لە دروستکردنی برگەی کورت و درێژ زۆر ئاسانە. کەچی شەپۆلەدەنگی زمانی کوردی، زۆر دەوڵەتمەندترە. بزوێن چەند جۆرە : کورت، زۆر کورت – درێژ – لێکدراو (دیفتونگ) بێدەنگەکانیش (صوامت) ژمارەیان زۆرتر و جۆراوجۆرترە: (ل، ڵ، ر، ڕ، د، د، ف، ڤ، و، وو...).

بەم چەشنە، شەپۆلە نەغمەی وشە لە کوردیدا، چڕترە، برگەی کورت و درێژ بە ئاسانی لێکجۆی ناکرێتەوە، وەک جوان، گیان، پیر، لای، وەخت و... بۆیەکانی کێشی پەنجە بۆ هەوێنی زمانی کوردی بە پێزترە.

ئەم تایبەتمەندییە لە زمانی کوریدا بۆتە هۆی ئەوە کە لە نێو شاعیرانی عەروزبێژماندا دژکاری نێوان یاسای عەرووز و هەوێنی هەڵبەستی کوردیدا بە دی بێ و شاعیریش دەبێتە تەختەی سەرئاو.

**ژێدەرو سەرچاوە:**


١- محەمەد ئەمین هەورامانی – مێژووی ڕێبازی زمانی کوردی – ل ٢١٥

٢- عەبدوڵڵا گۆران – بەهەشت و یادگار

٣- کاکەی فەللاح حەمە حەمە ئەمین – کاروانی شیعری نوێی کوردی

٤- کاکەی فەللاح – دیوانی ناری